مەکتەبی سیاسیی یەکێتی لە 37 یەمین ساڵڕۆژی کارەساتی ئەنفالدا پەیامێك بڵاودەکاتەوە

مەکتەبی سیاسیی یەکێتی لە 37 یەمین ساڵڕۆژی کارەساتی ئەنفالدا پەیامێك بڵاودەکاتەوە و رایدەگەیەنێت، "حکومەت و پەرلەمان و هەموان ئەرکمانە کاربکەین بۆ سارێژبونی یەکجارەکی زامەکانی قوربانیانی تاوانی جینۆسایدی ئەنفال".

مەکتەبی سیاسی لەپەیامێکدا بڵاویکردەوە، "37 ساڵ لەمەوبەر کوردستان روبەڕوی دڕندانەترین تاوانی ئەنفال بوەوە، کە ئامانج لێی جینۆسایدکردنی گەلەکەمان بو لەسەر زێدی باو و باپیرانی خۆی".

ئاماژەی بەوەشکردوە، "ئەم تاوانەی کە بەرامبەر بە خەڵکی بێدیفاعی گوند و دێهاتی کوردستان کرا ئازارێکە بۆ کۆتاییە لە دێ و دەروونی هەموانداو لەبیرچونەوەی هەرگیز ئاسان نییە کە لە چەند ماڵگێکی کەمدا 182 هەزار مرۆڤی کورد لە پیر و گەنج و منداڵ لە هەردو رەگەز بەدڕندانەترین شێوە زیندەبەچاڵکران و دەیان هەزاری دیکەی روبەڕوی ژیانی کولەمەرگی ناو ئێردوگا زۆرەملێکان کرانەوە".

ئەوەشچیخستەڕو، "لەم یادەی پڕ لە سۆیەدا جارێکی دیکە تەئکیدەکەینەوە ئەرکی

هەموانە لە هەرێمی کوردستان و عێراقیش هەوڵەکانمان چڕتربکەینەوە بۆ پشکەشکردنی خزمەتگوزاریی بەو ناوچانەی بەهۆی تاوانی ئەنفالەوە زۆرترین زیانیان پێگەیشتوە و هەروەها ژیانکی سەربەرزانە بۆ کەسوکاری شەهیدان و بەسەرو شوێن بوەکانی جینۆسایدی میللەتەکەمان دابینبکەین".

مەکتەبی سیاسی یەکێتی دەشت، "بەرپرسیارێتیی پەرلەمان و حکومەتی فیدراڵییشە ئەرکە مرۆیی و دەستوورییەکانی خۆیان باشترجێبەجێبکەن بۆ سارێژبونی یەکجارەکی زامەکانی قوربانیانی تاوانی جینۆسایدی ئەنفال".